# باڵادی کەویاران

**Balad i kewyaran**

## "حەماسەی شۆڕە سوارانی مەریوان"

لەسەر بنەمای

**تێکۆشانی ژنانی دووچەرخە سوار لە مەریوان**

**چاوە - فاتح شێخ**

**Fateh Sheikh - Chawa**




1403 / 2024

(١)
## دوو ساوا بە یەک شەو هاتنە بوون

کۆتایی هەشت ساڵ نەگبەتی
شەڕی عێراق و ئێران بوو
ئاوایی چۆڕ لە داوێنی قەڵەبەردا
جمەی ئەهات
لە ئاوارەی شاری کۆست کەوتووی مەریوان
هەزار هەزار
سەڵت و خێزان
تێی ڕژابوو
داماو، داماو! چی بکەن؟
ماڵ و حاڵیان گشت ڕووخابوو
ئەتوت قەڵەبەرد
گشت ڕۆژی
خۆر هەڵدێ تا ئاوا ئەبێ
بە سەر ئەوانا ئەڕوخێ
بە حاڵ ورەیان تیا مابوو
ئەتوت دایم دڵ و گیانیان
لەگەڵ لاشەی لەتوپەتی ئازیزانیان
لەو قەبرسانا نێژراوە
بێ ناز، بێ ناو
بێ بەردی کێلێک لە ژوور سەر
***
دوو ماڵی هەژار وا پێشتر

له مەجبوورئاوای مەریوان
دراوسێی بوون
لەوێ لە پاڵ یەکا ئەژیان
ماڵی ئاوا "مامە شینە"
گۆشەی دێیەرێکی پێ دان
دوو دیو و بەرهەیوانێک و ئاودەسێکیان
لێ بەرپا کرد
ژنەکان دوو دەسەخوشکی گیانی گیانی
کوتومت وەک لفەدوانە
ناویشیان هاولف بوو: ئاسک، ناسک
پیاوەکان یەکیان ناڵبەن بوو "نالە ناڵبەن"
ئەویان دلێری کەوشدروو ناسراو بە "دلێر پینەچی"
هاوڕێی دێرینی شاهۆ بوون: کوڕە گەورەی مامە شینە
مامە شینە
لە ئەسڵا ناوی مینە بوو
کەس نەیئەزانی بۆ بانگیان ئەکرد "شینە"
هەرچی بوو ماڵی نەشێوێ
پەنای دابوون
***
ئەو دوو جووتە
معلمی دەرکراو بوون
بەکرێگیراو ناویان نابوون "پاکسازیەکان"
ژنەکان هەرتک دووگیان بوون
لە ناوەڕاستی شەڕ و ماڵوێرانیا
بە دووگیانبوونیان خۆشحاڵ بوون
حەزیان ئەکرد
زووزوو دەستیان ئەخشاند
بە ئاوساوی گەدەیانا
حەزیان ئەکرد
پاڵیان بە یەکەوە ئەدا
ماندوویی لەشیان دەر ئەکرد
لاقیان ڕا ئەکێشا ئەیان خستە سەر یەک
حەزیان ئەکرد
بە پەنجەیان ڕۆژەکانیان ئەژمارد
دەی کەی؟

ساواکانیان بە نووزەنووز
دێنە دەر، دەی؟
کەی دێنە دەر؟
قەولیان دابوو ناوی ساواکانیان
وەک ناوی خۆیان هاولف بێ!
کچ بن کوڕ بن، ئەمیان کچ بێ ئەویان کوڕ بێ
ناویان هەر ئەبێ
هاولف بێ
***
ڕۆژێک بەکرێگیراوێک و سێ پاسدار پەیدا بوون
دوو پیاوە دەرکراوەکە و شاهۆی کوڕی مامە شینەیان
قۆڵبەست کرد
سواری جیپیان کردن
بردنیان
بۆ کوێ؟
بۆ کام گرتووخانە؟
کەس نەیزانی
شاهۆی کوڕی مامە شینە لە ناو خەڵکا
بە "کوڕە خاسە" ناسرابوو
یار و هاوڕێی بەشمەینەتان
هەڵکەوتە بوو بێ هاوتا بوو
لەبری "شاهۆی شینە"
لە خۆشەویستیا پێیان ئەوت "شینەشاهۆ"
مامە شینە زۆر دڵتەنگ و پەرێشان بوو
بۆ هەر سێیانیان کاری هەر شین و گریان بوو
ناسک و ئاسک،
دڵتەنگتر و پەرێشانتر
بێدەرەتان
ژیان پەرپووت
دڵیان پڕزووخاو
ماڵیان لاڕووخاو
بە چاوەڕوانی مناڵبوون
شەویان بە ڕۆژەوە ئەلکاند
ناکاو هەواڵی دڵتەزێن: هەر سێ تیرباران کراون!!
پەیکەریشیان نەدانەوە بیان نێژن

هاوار هاوار
به شیوەن و هەیڕۆ هەیڕۆ
خەڵکان بە هانایان هاتن
هەر حەشیمەت بوو ئەخرۆشا
***.
ناسک زۆر نالەی خۆش ئەویست
توانای نەما بەرگە بگرێ
هێشتا ئاسک باشترێک بوو
مانگ و ڕۆژی منداڵبوونیان
ئەهات و نزیکتر ئەبوو
خوێنەوار بوون ئەیانزانی خەریکە بێت
هاکا ئیمشەو؟ هاکا سۆزی شەو؟
کێ بزانێ؟
***
شەو بوو بەرەژان پێچرایە لەشیان
وا هات وادەی منداڵبوونیان وا هات
شەوەناوێک ژان گرتنی
تەپی دایە سەر هەرتکیان!
شەوێک بوو بێ ترووسکایی
کە تاریکی لەم ئاسۆ تا ئەو ئاسۆ بوو
نە زەردەخەنەی ئەستێرە بەر چاو ئەکەوت
نە ڕیزەهەڵپەڕکێی "کۆ" بوو
نە بزەی مات و خەمگینی "حەوتەوانان".
شەوێکی بێ دەرەتان
تاریک و نووتەک
دەربەدەری و نەهامەتی سەردەمی شەڕ
ڕووخابوو بەسەر کۆخی لاڕووخاویانا
شەو لە نیوە نەترازابوو لێ بوونەوە!
هەردوو ساوا هاوکات هاتن!
زەرنەقووتەی گوپ خڕ گوپ خڕ لووتکوڵ لووتکوڵ!
نووزە و گریان و هەنسکیان
ون بوو لە ناو
قیژە و هاواری دایکان و ژنێکا وا
ڕۆڵی مامانی ئەگێڕا
***

ئاسک دوابەدوای قیژەکەی
گەشایەوە
بە دەنگی بەرز پێئەکەنی
ئەقلکایەوە چۆن!
کەچی ناسک
هەر ئەگریا هەر ئەیقیژاند
هاواری ئەکرد ناله گیان! له کوێی؟ له کوێ؟
له کوێ کۆرپەی بێنازم بگریته باوەش؟
هەر ئەیناڵاند
کۆرپەی خسته باوەشی ئاسک
ئیتر قیژەی نەما
کەوته کۆما
هەر ئەو شەوەی پێچوو
تیاچوو
شووشتیان
ناشتیان
ئاسک لەسەر کێلی قەبرەکەی بە دەنکە خەڵووزێک نووسی
لەکوێی ناله؟ له کوێی؟ له کوێ؟
کۆرپە بێنازەکەی ناسک له باوەش کەی؟
***
ئاسک شێوابوو: بۆ ناسک بگری؟
یا بەدەم کۆرپەی بێنازیەوە پێبکەنێ؟
ئاقیبەت بڕیارێکی دا
بڕیارێکی دژوار وەلێ ڕۆشن
بڕیاری دا بۆنی خۆشویستنی ناسک
بنێ بە جووجەڵەی بێنازیەوە!
***
تاقەدایک
ئاسک بوو بە تاقەدایک
بۆ دوو ساوای بە یەک شەو بوو
دوو ساوا له دوو دایک بوون
کەچی بوونه لفەدوانه
هەر ئەو ساتەی کۆرپەکەی ناسک
کەوتبوه ناو کۆشی ئاسک
توند گرتبووی بە سینگەوە

وەک کۆرپەکەی خۆی ئەیگووشی
دوو جووجەڵە
هێشتا چاویان نەترووکابوو
هەر کام دەمی بە مەمی لای خۆیەوە نابوو
ئەیمژی!
ئاسک ختووکەی ئەهاتێ
قلکەی نەرمی وەک جۆلانەی مێهرەبانی
جووجەڵەکانی ئەجوولاند
سووک سووک ئەیلەراندنەوە
وردەقلکەی لێ ئەهێنان
لەگەڵ لەرە و وردەقلکەی ئەوانیشا
مەم و سنگ و باڵی ئاسک
وەک لەرینەوەی باڵای شۆڕەبی
ئەکەوتنە ناو شەپۆلێکی نەرم نەرمی لەرینەوە
سوکناییان پێ ئەبەخشی
ئۆقرە و ئارامییان ئەگەیاند بە گیانە نائارامەکەی
جار جار ئاسک
بێچووە چۆلەکەی ناسکی هەڵئەپەڕاند
بە دەم فرمێسکبارانەوە
مۆرەمۆری بۆ ئەکرد
گۆرانی گریاناویی بۆ ئەچڕیەوە
"دە مەگری مەگری چاوەکەم چاوانت دێشێ
دایکت نەماوە عەزیزەکەم نازت بکێشێ
بە گیان و بە دڵ کۆرپەکەم نازت ئەکێشم"
***
چەن ڕۆژێک پێچوو کۆرپەکان
چاویان ترووکاند و یەکیان بینی
ئەرێ وا بوو
لە دوو لاوە دەمیان مەمی ئاسکیان ئەمژی
یەکیان ئەدی
مژمژ شیریان ئەخوارد
خۆش خۆش ئەیانڕوانی
پێئەکەنین
کەمکەم یەکیان ئەناسیەوە
وەک دوو وێنەی پێچەوانەی ئاوێنە بوون

یەکیان ئەبینی
بێ یەک دەمیان بۆ مەمی ئاسک نەئەبرد
بە نووزەنووز و مل بادان
وایان ئەکرد دایە ئاسک
هەرتک مەمی ناو دەمی هەرتکیان بنێ
ئەو لفەدوانە وردیکلانە زۆر جوانە
بوون بە دوو بەشی لەشی دایە ئاسکی ناسکەڵانە
ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەڵیان ئەدا
کردار و هەستی چونیەکبوون
لە مێشک و لەشیانا هەردەم باڵای ئەکرد
گەشتر ئەبوو باڵغ ئەبوو
نەمامێکی دوولکان وابوون
لەسەر یەک بنا ڕوابوون

***************

(٢)
## ئەفسانەکان

لە دێرزەمانەوە لە دەشتی مەریوان
وەک زۆرشوێنی کورەی زەوی
ئینسان کۆمەڵ کۆمەڵ ئەژیان
هەر دەورانە و کۆمەڵێک بەیت و ئەفسانە،
لە مێشک و بیری کۆمەڵگەی ئینسانەکانا ئەخولقان
پشتاوپشتیش بۆ نەوەکان بەجێ ئەمان
کۆنترینیان ڕێی تێ ئەچێ ئەفسانەکەی "فەیلەقووس" بێ
ناو و ناوەرۆکی ئەفسانەکە دەری ئەخەن کە فەیلەقووس
فەرمانڕەوایێکی سلووکیەکان بووبێ
سلووکیەکان لەو ناوچەیە دەسەڵاتی دوای هێرشی ئەسکەندەر بوون
ئەفسانەیێکی تر "بەیتی زرێبار" بوو
"ساڵێ بەو عەیام زرێبار شار بوو
دووسەد دەروازە و سێسەد منار بوو"
دواتر حەماسەکەی ناسراو بە
"دوانزە سوارەی مەریوان"
هی سەردەمی فەرمانڕەوایی زەندییەکانە لە ئێران
لە کوردەواریش دیوانی بابان
***
ئەم سەردەمەی ئێمە
هێشتا کاڵ نەبوەتەوە
هەر زیندوە بیرەوەری
تێکۆشانی سەربەرزانەی ئەو خەڵکانەی
ساڵەها دژ بە ڕژێمی پەهلەوی و ئیسلامی
وەستان
چەنها حەماسەیان خۆلقاند
لە مەریوان
شەڕی عەرزی جووتیاران
کۆچە گەورەکەی شارەکە
مارشی پشتیوانی شارانی تری کوردستان
ڕاوەستانی چەکدارانە
سیمای گەشی کۆمەڵ کۆمەڵ
گیانبەختکردووی لەبیرنەچوو

لە پاڵ ئەفسانە و داستانی دوور و نزیکا
***
حەماسەیێکی زۆر نزیک
تێکۆشانی بوێرانەی ژنانی دووچەرخەسوارە
لە مەریوان
کە ناسراوە بە "حەماسەی شۆڕەسوارانی مەریوان"
با نەهێڵین
شکۆداری و وردەکاری ئەو حەماسەیە
کاڵ بێتەوە
هەشت ساڵ لەمەبەر ڕووی داوە
ڕێ نەدەین بێ بە "ئەفسانە"
کاراکتەرە بوێرەکانی ئەو هەوڵ و تێکۆشانە
ئەنجومەنی ژنان کەویارەکان
ژنانی دووچەرخەسوار و هاوڕێکانی کوڕ و پیاویان
با خۆیان بێنە مەیدان و بە وردی ئەو حەماسەیە
بگێڕنەوە
بیکەنە فیلم و تێئاتر و داکیومێنتەر
بەیتی خۆشبار و خۆش ئاهەنگ
"حەماسە" نابێ لە بیر چێ
نابێ ببێتە ئەفسانە
با نەهێڵین با ڕێ نەدەین
***
"باڵادی کەویاران"
هەوڵێکە بۆ گێڕانەوەی
حەماسەی ژنانی دووچەرخەسوار لە مەریوان
"شۆڕەسوارانی مەریوان"
پێزانینە، ڕێز لێنانە بۆ دلێری
دوانزە سوارەکەی مەریوان
***
چیرۆکی شێوە ئەفسانەش زۆرن
زۆربەیان لە بیرەوەری جەماوەرا ماونەتەوە
پشتاوپشت وتراونەتەوە
سەربردەیێک هاوشێوەی ئەو سەربردەیەی
دوو ساوای ناسک و ئاسک
جێ سەرنجێکی تایبەتە

دوو ساوا وا لە یەک شەوا هاتنە بوون
جەوهەری هەر دوو سەربردە دەری ئەخا
چەن بەجێیە "سیمۆن دۆبۆڤوار" پێمان ئەڵێ
"ساوای ئینسان، هەر ئینسانە
ئەو کاتەی لە دایک ئەبێ
کۆمەڵگای پیاوسالار
یەکیان ئەکات بە پیاو
ئەویان بە ژن"

*************

(٣)

**دوو ساوا بوون**
**لە یەک شەوا هاتنە بوون**

زیاد لە هەشتا ساڵ لەمەوبەر
لە چلەکانی سەدەی بیست
لە جەنگەی شەڕی دووهەمی جیهانیا
بەسەرهاتی خێزانێک لەو مەریوانە
لای بەشێکی دانیشتوان
بوەتە داستان و ئەفسانە
پیاوێک بڕیار ئەدا
بە سەر دایکی سێ زارۆڵەیا
ژن بێنێ هەوێی بە سەر بێنێ
کەین و بەینی عەشایێری؟
یا هەوەس؟
هەرچی بووبێ فەرقی نەبوە
ئەو هەم "پیاو" بوو
هەم لە "چینی خواپێداو" بوو
دایکی سێ مناڵ بە ناچاری
بۆ ئەوەی کار لە کار نەترازێ یەکجاری
دەس پێش ئەخا
زەماوەنیان بۆ ڕێک ئەخا
پیاوەکە وەک چەکەبەگی ئەو سەردەمە
نەدار بووە
گشت خێزان یەک ژووریان بووە!
هەر لەو ژوورە، دایکی سێ مناڵ جێگایان بۆ ڕا ئەخا
ئەو شەوە خۆی ئەچێتە بەرهەیوان
کز کز دائەنیشێ
بۆ کەجبەختی خۆی فرمێسک ئەڕێژێ
شەوگار، شەوگار، شەوگاری درێژ، کام شەوگار؟
وەک دەروونی ڕەش و تاڵە
تاریکی ئەنگوستەچاوە
بەسەر گشت عالەما زاڵە
چاو چاو نابینێ

ئەو شەكەت شەكەت
بە پەنجەی لاشیپانی دەرگا ئەدۆزێتەوە
پاڵی پێوە ئەدا، تا ڕۆژ ئەبێتەوە
خەمێكی گران دای ئەگرێ
دۆژ دا ئەمێنێ
نابەدڵ هەست ڕا ئەگرێ ئێشک ئەكێشێ
بە نسكۆیی دەستەو ئەژنۆ دائەنیشێ.
هەناسەی سارد بۆ بەختی تاڵ هەڵئەكێشێ
نەک هەر بۆ خۆی بۆ خۆیشی و بۆ هەوێكەیشی
***
ڕۆژگار ئەڕوا
ئاغا هەوەسی نامێنێ
یا خۆ كەین و بەینی عەشایێری وا ئەخوازێ؟
كێ ئەزانێ؟
هەر چی بووبێ
ئاغا دڵی لە ژنی "دووهەم" هەڵئەكەوێ
بڕیار ئەدا "تەڵاق"ی دا
بە كوردیەكەی دەری بكا
ڕێكەوت وا بوو
هەر دوو ژن هاوكات دووگیان بوون! ئەی ئەی؟
پیاو بە ناچار
دەر كردنی ژنی "دووهەم" وەدوا ئەخا
لەفزی "تەڵاق" وا لێ ئەكا
"ئەو سەعاتەی مناڵی لێ ئەبێتەوە
هەر سێ تەڵاق"ی كەوتبێ
بە هیچ جۆر چا نەبێتەوە
***
مانگ ئەڕوا
ڕۆژ بە دوای ڕۆژا تێپەڕ ئەبێ
وا ئاخر شەوی زستانە
وادەی زانی دوو زەیسانە
یەک ژووریان بوو
بۆ قیژان و بۆ ئێش كێشانی ئەو شەوە
هەوێ پاڵ ئەدا بە پاڵی دایكی سێ مناڵەوە
ڕا ئەكشێ

سەر ئەنێتە سەر شانی ئەو، ئەقیژێنێ
پڕ بە گەرووی، چەن قاتی ئەو ئەقیژێنێ
بۆ چەن ئێش، ئێشی مناڵبوون
ئێشی "تەڵاق"دران و دەرکران!
مامانی مێهرەبان هەر دڵنەوایی ئەو ئەکا
ئاگادارە واجبترێکە وا بکا
چووزانی؟
مامانی هەژار ڕەنگ بێ بەسەر خۆی هاتبێ!
***
هەر دوو دووگیان لێبوونەوە
یەکسەر دوو ساوا هاتنە بوون
بە گریان و هەنسک هەنسک و نووزەنووز
دەمەوبەیانی نەورۆز
هەر دوو ساوا هاوکات هاتن
گووپ خڕ، گووپ خڕ، لووت کوڵ، لووت کوڵ!
چی خۆشتر بوو لەو دەقیقە و سەعاتەی
دوو ساوای شیرین
کەوتبوونە ناو کۆشی ژین
کەچی تراژێدی وا بوو
ژنێک وا هەر ئەو سەعاتە
ژینی بە ساواکەی دابوو
خۆی ژیانی لێ شێوابوو
دەرکرابوو
ئیتر تەنانەت ناویشی "هەوێ" نەبوو
چارەنووسێکی نەمابوو
"بێوەژنکۆشی" و ڕۆژڕەشی پێ بڕابوو!
بە ئێش و ژانەوە بیری دەسبەتاڵی
بیری بەختی تاڵی
خۆی و مناڵی
کردەوە
چۆن ئەیتوانی ئەو کۆرپەیە بگرێتە خۆ؟
چۆن ئەیتوانی بەخێوی کا؟
سەردەمی دەرەبەگایەتی مناڵ لە کۆمەڵگا و لە خێزانا
جێگەوڕێگەی نەبوو!
ناچار کۆرپەکەی خستە باوەشی دایکی چوار مناڵ و وتی

چی لێ کەم ئەم بەچکە چۆلەکە؟
چی لێ کەم؟
دەستی ماچ کرد ئەی چی لێ کەم؟
ئامانەتی دەس تۆ ئەدەم
پەنجەی کۆرپەکەیشی گووشی
ماچی کرد و پشتی هەڵکرد
بوورایەوە
***
دەسبەجێ دایکی چوار مناڵ
بوو بە دایکی پێنج زارۆڵە
دوانیان دوو ساوای یەک شەوە ئەو ساتە کەوتنە باوەشی
یەک هی خۆی و یەک هی هەوێی تەڵاق دراوی بێبەشی
ئینجاعەینی لفەدوانە فەرقیان نەبوو فەرقیان چی بوو؟
دوو لفەدوانەی ڕاستی بوون
با لە دوو دایک هاتنە بوون
***
ئیتر دایکی پێنج زارۆڵە
وەک دایەلێی مێهرەبانی هەر پێنج ڕۆڵە
وەک دایکی دوو کۆرپەی تازەی
"لفەدوانە"ی ساوای نایە ئەملا و ئەولای ئەو لەشە لاوازەی
جووتە مەمی نایە دەمیان دەستی نازی بە سەریانا هێنا
فێری کردن مەمی لای خۆیان بناسن
دەمی پێوە نێن بیمژن
دوو ساوا چاویان تروووکاند
یەکیان بینی و وردە وردە یەکیان ناسی
بێ یەکتر محاڵ بوو دەم بۆ مەمیان بەرن
ئەگێرنەوە کۆرپەکەی خۆی
جا بە غەریزە یا بە هۆشی مناڵی
یا بە زەوقی بێغەل و غەشی مناڵی
تا هاوزاکەی مەمی ئەولای نەگرتایێ نەیمژیایێ
ئەم دەمی بۆ مەم نەئەبرد نەیئەمژی
دایەلێی مێهرەبانیشیان
وەک "هەنەزا" چاوی لەوی تر نەئەکرد
هەرتک ساوای هاوزای
وەک زارۆڵەی خۆی دائەنا

بێ جیاوازی ئەیانی گرتە باوەش و چونیەک نازیانی ئەکێشا
***
ئەم چیرۆکەمان لێرە دێتە کۆتایی
ئەفسانە بێ یا چیرۆکی ڕاسی ڕاسی
مەبەستی ئێمە لە باسی
هەر ئەوەیە وا لە چیرۆکی دوو کۆرپەی ناسک و ئاسک باس کراوە
***
دوو خاڵی جیاواز و هاوبەش جێی سەرنجن
چیرۆکی پیاوی "خواپێداو" کەی ڕووی داوە؟
چلەکانی سەدەی بیست و جەنگەی شەڕی دووی جیهانی
سەردەمی دەرەبەگایەتی و سەرەڕۆییەکەی ڕەزا خان
لە کوردەواریش دەسەڵاتی عەشایەر بوو بێگومان.
زۆربەی ئەو نەسڵە نەماون
یا بە ئەنقەس فەوتێنراون
مەگەر دوان و سیانیان
زۆربەیان شپرزە و شەمزاو
سەختە، زۆر سەخڵەتە بۆیان
بە ژیانی ئیمڕۆژی بژین
***
دوو ساوای ناسک و ئاسک
پەنجا ساڵێک دواتر هاتن
لەو بەینەدا بارودۆخی فێئۆداڵی جێی بە کاپیتالیزم داوە
ئەو شۆڕشەی ئێران بە تایبەتیش لە کوردستان
بوو بە سەرەتای کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕی تازەی
کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووری زۆر گەورە و گرنگ
جیاوازی ئەو دوو سەردەمە
بۆ ساواکان و نەوەکانی دوای ئەوان
جێی سەرنجدانی جیددیە
نەوەی هاوتەمەنی دوو ساوای ئاسک و ناسک
ساڵ بە ساڵ گەورەتر ئەبوون
لەگەڵ ڕاوەستانی دلێرانە و بوێرانە و بەردەوامی
دژ بە ڕژێمی ئیسلامی
تەواو کەماڵ
گەورە ئەبوون
***

خاڵی هاوبەشی دوو چیرۆک هەر ئەوەیە
وا وەختی خۆی "سیمۆن دۆبۆڤوار" هێنای بۆمان:
"ساوای ئینسان، هەر ئینسانە
ئەو کاتەی لە دایک ئەبێ
کۆمەڵگای پیاوسالار
یەکیان ئەکات بە پیاو
ئەویان بە ژن"
***************

## (٤)
## ئافتاو و لاولاو

دوو ساوای باوەشی ئاسک
ناو نران ئافتاو و لاولاو
گەورەتر بوون
وەک یەک جلیان لەبەر ئەکرد
کەشخە و گورج و سووک و فێنک
کورت، کوڵەباڵ
سەوز و سوور و چێرەیی کاڵ
دایم چاویان گەش و بز بوو
ئەتوت گوڵاوی ڕووخۆشی پژاوەتە دەموچاویان
***
ئێسک و شکڵی دەمووچاویان، وەک یەک نەبوو
ئازای ڕوخساریان هیچی لە یەک نەئەچوو
لە نوتفەی دوو جووت گرساون
کەچی بریسکەی نیگایان
درەوشانەوەی چاوانیان
زەردەخەنەی لێو و ورشەی دەم و دیانیان
شیرین زوانی و ئەتواری مناڵانەیان
ئەوەندە دڵچەسپ و جوانن
چاوی ئینسان تێر نابێ لە تەماشایان
ئەمیان دوو پەنجە هەڵکشاوترە لەویان
ئەویان کێپس ئەکاتە سەری بەشکەم قەرەبوو کاتەوە،
بۆی ناچێتە سەر، ناکرێ
ئەوی تر زیاتر هەڵئەکشێ
***
بسکییان درێژ و شۆڕ بوو، هەرتکیان
ئاشنا و ڕۆشنا ناویان ناون "جووت پەلکەشۆڕ"
ڕۆژێکیان بەزمێکی خۆشیان برد بەڕێوە
پرچیان لێک هەڵپێکا، کردیانە یەک پەلکە
شۆڕیان کردەوە بەریان دا بۆ ناو شانیان
باسکیان لە یەک ئاڵاند و چوون بۆ دەر و بان
بە شۆخی و گاڵتە بە یەکیان ئەوت
"مەنیشە لە ماڵ، خێرت ها لە دەر"

کەوتنە ڕێ، بە ئەسپایی بۆ ناو گەڕەک و کۆڵانان
وێنەی دانسی دوو باڵێریەن بە ئاهەنگی "دەریاچەی قوو"
وەک ڕەوتی دوو ێیچوە مامز، قونەقون و قنگەلەقێی دوو مراوی
باڵ وەشاندنی بێ قیژey دوو نەوڕەسی گەردن سپی
هاوسێ و بەراوسێ دەوریان دان
لاوەکانی گەڕەک لێیان کۆ بوونەوە
جۆشێک خۆشی و شادمانی، لەو پەلکە شۆڕ و جوانەیان
ڕژایە ناو کۆڵان و شەقام و گەڕەک
هەڕەتێک پێیان پێکەنین
خۆشحاڵی پژایە دڵیان



***

حەوت هەشت ساڵان بوون
دووچەرخەسواری فێر بوون
"پێ لێدە و بۆ دوور بڕوانە!"
لە ناو لاوەکانا
چابوکترین دووچەرخەسواران بوون
تاونەتاو بەو دەر و بانا ئەهاتن، ئەچوون بێهەدا
وەک "ماکینەلەر"ی شیعری نازم حیکمەت
هەڵئەسووڕان: "ماکینەلەر، ماکینەلەر، ماکینەلەر"
فڕکان فڕکان، پێداڵێیان لێ ئەدا
دوور دوور ئەچوون و لە چاو ون ئەبوون
جارێک هەوای گەشتێکی دەوری زرێبار، کەوتە سەریان
شان بە شان ملیان پێوە نا
سەرەوژوور بۆ قەبرەدەروێش
سەرەوخوار بۆ دەشتی کوڵان
ڕاستەوڕاس بۆ کانی ماران، بۆ دەشتی سێف، بەرقەڵبەز و کانی باوا
بایان دایەوە بۆ بەردەڕەشە و یەنگیجە و پیرسەفا
کانی سپیکە و دەرەتفێ
لە دەرەتفێ بیست دەقێقەیک سەرگەرمی
تەماشای ڕیزێک هێلانە لەقللەق بوون
کە خەڵکانی ئاژەڵدۆست لەسەر دارە بەرزەکان
بۆ وەرزی کۆچی لەقلەقیان سازاندبوو
پێی خۆشحاڵ بوون
دواتر کانی سانان ، کۆنەدۆڵاشیان بڕی
گەیشتنە بەر ئاوایی نێ
جارێکی تر بایان دایەوە
تا بتوانن بە لێواری زەلەبوارا
هەڵکشێنەوە بۆ شار




لەو گەشتەیانا جارجار بۆ خۆشی، شاخی دووچەرخەیان ئەگرت،
بە پێ ئەڕۆیشتن، گۆرانییان ئەچڕی و جۆکیان بۆ یەک ئەسەندەوە،
قاقای بەرزیان لە قاسپەقاسپی کەو، لە ئاوازی سوورە قورینگ ئەچوو
وا بوو، وا چوو
***
ئەو دوو لاوە بۆن گوڵاوە
نەترس و بوێر بوون، جوان بوون
ئیمڕۆژی بوون
بزێو و دەم بە پێکەنین
مێهرەبان و خۆشویستەنی
لە ئاوی کانی زوڵاڵتر
دایم کرداری تازە و بیری تازەیان پێ بوو
بۆ هەرچی ڕووی ئەدا ئەتدی چەن ئەپدەیتن
چەن بوێرانە و چەن پێشڕەو دێنە کەوان
لەو شارە بۆ خەڵکی گەشبین
بۆ خەڵکی تینووی ڕزگاری و ڕۆژگاری نوێ،
بوون بە نموونەی نەوەی نوێ
ئەوەی لە ئاستی جیهانا
"نەوەی Z"ی پێ ئەوترێ!
***
ڕۆژێک بەرەو زرێبار ئەچوون دووبەدوو
لە پێچی "کانی شێخان"ا، گەلەگورگێکی پاسدار و بەکرێگیراو
چەقی ڕێگایان گرتبوو، بەریان گرتن و ئیستیان دان
یەکیان پەڕیە سەردەم دووچەرخەکەی ئافتاو

فەرمانەکەی گرت و سەڕاندی: هۆی بۆ کوێ؟
کچ بۆی نیە سواری دووچەرخە بێ، بۆ کوێ!
لاولاو دەسبەجێ هاتە جواو: لاچۆ کابرا
لاچۆ لە سەر ڕێگەمانا، بۆ زرێبار ئەچین لاچۆ!
چیتە بە سەرمانۆ؟ لاچۆ!
ئێمە شەیدای زرێبارین
لەبەر ژینگە، بە دووچەرخە ئەچین بۆ قەراخ زرێبار
بە کەسێ چی؟ کارتان چیە؟
لاچن لە سەر ڕێگەکەمان
کابرا دەستی بەرز کردەوە
ئافتاو وا لێی هاتە کەوان، هەڵمەتی دا
کابرا دوو هەنگاو پاشەوپاش کشایەوە
لاولاو وتی: گوم بن، بڕۆن!
بە دەنگی بەرز ڕووی کردە بەکرێگیران
بار کەن بڕۆن!
گوم بن، بڕۆن!
***
خەڵکان
ژنان، لاوان
هاتن دەوریان دان
ئامادەی دەسکردنەوە بوون
پێویست نەبوو، خوێڕیەکان کشانە دواوە
ئافتاو و لاولاو پێداڵیان لێدا، فڕین
دوو بەرخەمامزی، چاوبز!
دوو دووچەرخەسواری شەنگەسوار بازیان ئەدا
پێداڵیان گورجتر کردەوە
بەرەو زریبار بازیان دا، فڕین، فڕین
چۆن  ئاسک باسکەوباسک ئەکا
شیرین شیرین دوو بەرخەمامزی دووچەرخەسوار
بە سواری ئەسپە ئاسنینە باڵدارەکانیان، بازیان دا
فڕین، ون بوون
خێرا ون بوون!
لە چاوترووکانێکا
لە دیدی گەلە چەقەڵی خوێری ون بوون،
لە چاوی پاسدار و  بەکرێگیراو

ون بوون
له چاو ون بوون

*****************

(٥)
**"جەهان"ی دووچەرخە!**



جەهان تێکۆشەرێکی ناسراوی
شار و لادێی مەریوان بوو
نموونەی ژنێکی چالاک، خۆڕاگر و ئێگجار دڵسۆز

دڵتەزێن بوو، لەدەسچوونی!
خەسارێکی زۆر گەورە بوو
سەرەتای جوولای ئەمساڵ بوو
لە ناوەڕاستی پووشپەڕا لە دەسمان چوو!
جەهان لە ئاوایی "نێزڵ"
لە بەشی کۆماسی ناوچەی مەریوانا
لە دایک بوو
شۆرەتی بنەماڵەکەی "تەپانچە" بوو
("تەپانچە" = دەمانچە!)
سەروبەندی تێهەڵچوونی دووچەرخەسواری ژنان بوو
هات ڕایگەیاند: من شۆرەتی "تەپانچە"م ناوەتە لاوە
لەمەودوا من "جەهانی دووچەرخە"م ناوە
وەختارێ پێویست بێ
دیسان "تەپانچە"کەم ئەکەمەوە بە لاقەدما
بۆ ڕاونانی زیانەخرۆیان و خوێنمژان!
***
چۆن بوو جەهان شۆرەتی خۆی گۆڕا؟
کردی بە "دووچەرخە"؟
جەهان ئینسانێکی شۆڕشگێڕی کۆڵنەدەر بوو
لە جەرگەی مەیدانە کۆمەڵایەتەکانی
تێکۆشانی چل و چەن ساڵەی پێشوودا
حازر بە دەس و چالاک و نەترسێکی کەم وێنە بوو
لەگەڵ کۆڕی تێکۆشەرانی بەجەرگ و بەتەجرەی مەریوانا
کەمپەینە بوێرانەکەی
دووچەرخە سواری ژنانی مەریوانیان
ڕابەری کرد
ڕێکیان خست
بەڕێوەیان برد
ئەو کەمپەینە وەک
**"حەماسەی شۆڕەسوارانی مەریوان"!**
ناوبانگێکی باشی دەر کرد
ناوبانگێکی شیاو
وەک پێزانین بۆ
**"دوانزە سوارەی مەریوان"!**
****************

(٦)

## ئافتاو گیرا

## دووچەرخەسواری بۆ ژنان قەدەغە کرا

ساڵی هەزار و سێسەد و نەود و پێنج (١٣٩٥)
پێنجی مانگی گەلاوێژ بوو
چەقی وەرزی ئارەق ڕێژان
قرچەی گەرمای چلەی هاوینە سوور
ئەیچزاندن تا سەر ئێسقان!
ئافتاو و لاولاو حەزیان کرد بە دووچەرخە
بچنە گوێی زرێبار
بەشکم بە شنەبای شەپۆلەکان
نەختاڵێک فێنک بنەوە
دووچەرخەکانیان ڕێک و جوان ڕازاندەوە
دوو دەس فڕفڕەی ڕەنگاوڕەنگیان دامەزراند
بەملاوئەولای فەرمانی دووچەرخەکانا
سوار بوون
پێیان لێدا
لایان نەدا
ڕانەوەستان
تا گەیشتنە قەراخ ئاوەکەی زرێبار
دەستیان تا مەچەک ژەندە ناو شەپۆلەکان
دوو مشت ئاویان دا بە دەموچاویان دا
نەختاڵێک فێنک بوونەوە
حەسانەوە
سوار بوونەوە
ئەسپە ئاسنینەکانیان تاو دا

بەرەو ناو شار گەڕنەوە
دایان نابوو لای ئێوارە
سەرێک لە "کافە کتێب" دەن ڕەفێقەکانیان ببینن
دواتر بچن بۆ "کافە سینەما" بۆ تەماشای فیلمێک
تومەز! ئەوان بێ خەبەرن
گەلەگورگێک لە بەکرێگیراو و پاسدار
پیلانێک و پلانێکیان داڕشتوە
کەمین و گەشتیان داناوە
بۆ ژنانی دووچەرخەسوار!
***
ئەو دوو لاوە بۆن گوڵاوە
هەر لە پێچی "کانی شێخان"
بەرەو ستادیۆم ترازان
کەوتنە کەمین
گەشتی پاسدار دەوریان دان
گیران بران بۆ کۆمیتە
خەبەر گەیشت بە دایە ئاسک و دادە جەهان
خێرا خۆیان گەیاند
بە تووڕەیی هاتنە کەوان
بۆچی ئەم لاوانەتان گرتوە؟
پاسدار وتیان دووچەرخەسواری بۆ ژنان قەدەغەیە!
بەر لە دایە ئاسک  دادە جەهان هاتە زوان وتی
ئەمە لە کوێ؟
قەدەغەیە، قەدەغەیە؟
لە چیتانە؟
دووچەرخەسواری و قەدەغە؟
کێ ئەتوانێ بەری بگرێ؟
فەرقی چیە؟
کچ بێ، کوڕ بێ؟
ژن بێ، پیاو بێ؟
بەریان دەن ئازا بەریان دەن!
دایە ئاسک وتی: بەڵێ، بەڵێ!
هەر وا بێ یا بە کەفالەت
هەر ئیسە ئەبێ بەریان دەن!
پاسدارێک هاتە جواب کارتەکانی نیشانیان دا

خۆ ئەم دوانە خوشک و برا نین
هاوسەری مارەکراویش نین
چۆن شانبەشان بە دووچەرخە هاتوونە دەر فڕکان فڕکان بۆ زرێبار؟
ئەمیان پیاوە دووچەرخەسواری قەی ناکا بەڵام ئەویان ژنە نابێ ...
دادە جەهان دیسان بە توورەیی
کاری بە دووچەرخە چیە؟
ئەمیان پیاوە ئەویان ژنە؟
وەختارێ دووچەرخە باشە
بۆ تەندروستی
بۆ ژینگە
بۆ گشت شتێک
ئیتر بۆچی ئەبێ
بۆ ژن قەدەغە بێ؟
ها! پێم بێژن! بۆچی بۆ ژن قەدەغە بێ؟
پاسدارێک لاپەڕێک کاغەز بە دەسیەوە
هات وتی ئەو خانمە ئەم کاغەزە ئیمزا کا
قەول بدا سوار دووچەخە نابێ
ئینجا بە کەفالەت بەریان ئەدەین!
ئافتاو لێی هاتە جواو وتی
هەر دە پەنجەی دەسم بە زۆر بنێن بە کاغەزا
دە پەنجەی هەر دوو قاچەکەم
ئەنێمە سەر دوو پێداڵی دووچەرخەکەم
بە زەبری پێ ئەیخەمە گەڕ
هەر دوو پاچکەی دووچەرخەکەم
وەک مەکینە هەڵ ئەسوورێنم
بە فڕکان فڕکان ئەکەومە ڕێ
بەرەو هەر کوێ ئارەزووم بێ!
لاولاو دوو جار سەری بزواند
گفتەکەی ئافتاوی دوو جار مۆر کرد بۆیان
ئاسک هێور وتی: جارێ ئازادیان کەن بە کەفالەت
جا دواترا چی پێ ئەکەین، چی لێ ئەکەین؟ با بزانین!
دادە جەهان بە تەوسەوە هەڵیدایە
با بزانین!
***
چوارقۆڵی لەوێ هاتنە دەر

بێ ماتڵ بوون جاڕیان دا به چوار دەور شارا
هەی هاوار کێ دیویە؟
کێ بیستوویە؟
دووچەرخەسواری بۆ ژنان قەدەغەن بێ؟!
بێن با بە کۆمەڵ جاڕ بدەین

**دووچەرخەسواری بۆ ژنان**
**ڕەوایە وەک ئاوی ڕەوان**
**هەرگیز نابێ قەدەغەن بێ!**
**کێ ئەتوانی بەری بگرێ؟**
**نابێ هەرگیز قەدەغەن بێ**
**دووچەرخەسواری بۆ ژنان**
**سەددەرسەد ئازادە بۆیان!**

نەیکێشایە شەو و ڕۆژێک
هەزار و چوارسەد ئیمزای ئازادیخوازان
لە تۆمارێکا جەم کرا
هەزاران ئینسان لەو شارە
بێ گرێ و گۆڵ ڕاست و ڕەوان
دیفاعیان کرد
لە مافی حاشاهەڵنەگری
دووچەرخەسواری بۆ ژنان
تۆماریان دایانە فەرماندار
دایانە دادگا
گەیاندیانە سنە و تاران
نووسیبوویان

**دووچەرخەسواری بۆ ژنان**
**ڕەوایە وەک ئاوی ڕەوان**
**هەرگیز نابێ قەدەغەن بێ!**
**کێ ئەتوانی بەری بگرێ؟**
**نابێ هەرگیز قەدەغەن بێ**
**دووچەرخەسواری بۆ ژنان**
**سەددەرسەد ئازادە بۆیان!**

*****************

(٧)

**دیدارەکەی "کافە کتێب"**

ئەو ڕۆژە تا دوای نیوەشەو
باسی گیران و بەربوونی ئافتاو و لاولاو
ئەگەڕا بە ناو شاری مەریوانا
باس باسی ئەو دوو لاوە بوو
ئێوارەکەی کچێکی ڕەفێقیان هاتە "کافە کتتێب"
یەکسەر چوو بۆ لای ئافتاو و پرسی
ئەرێ کچێ؟
چۆنە ئێوە دایم وەک ئەسپی دروشکە
هان بە یەکۆ
کەچی عیشقی یەک نابینن؟
چۆن وا ئەبێ؟
کەی وا بوە؟
ئافتاو یەکسەر
چ قلکەیێک؟ دای لە قلکەی پێکەنینی بەرز: جا وتت؟
هەر تۆ ئێژی شەمامە گیان؟
خۆیشم سەرسام ماوم نازانم چۆن؟
دایکە ئاسکم جارجار بیرم ئەخاتەوە
خاس بوو وتت شەمامە گیان!
ئەی هاوڕێی باش بۆچی باشە؟
ڕاس ئێژی تۆ
بەسیە ئیتر!
ئیمڕۆ لە بازجۆییش بیریان هێنداینەوە وتیان
خۆ ئەمانە خۆشک و برا نین هاوسەر نین!
شەمامە گیان! ئەی ئێمە چین؟
ئێمە چی یەکین؟ پێم بێژە!
ڕاستە ڕەفێقین دوو دانە لفەدووانەین
بەڵام سەرسام ماوم!
دایە ئاسکیش هەر پێم ئەڵێ
هەر ئەیڵێت و ئەیڵێتەوە
ئێژی لای وایە تێ ناگەم!

نا وا نیه. من تێ ئەگەم باوڕ کە هەر وەها لاولاو
ئاخر شەمامە گیان بڕوانە! یانی تۆ نەتزانیوە؟
ئێمە هەرتکمان بە عەینی غەرقی خۆشەویستی یەکین؟
تۆ نایبینی؟
دایە ئاسک دایم ئێژێ: من بە عەینی ئاگادارم
ئێوە یەکتان خۆش گەرەکە!
ئەی بۆ بە یەک ناڵێن؟
بۆ ئێحساستان دەر نابڕن؟
بۆ ڕێگەی بۆ خۆش ناکەن و نایبڕنەوە؟
وەک تۆ وتت ئەویش ئێژی: ئاخر چۆن وا ئەبێ؟ تا کەی؟
جارجار منیش وتوومە ئەی تۆ بۆ؟ تۆ بۆ بە لاولاو نایێژی؟
ئێژێ: کچم، خۆت پێی بێژە!
شەمامە گیان! ئای چەن خۆشە قسەکانت!
دڵسۆزیەکەت!
درگای دڵم کرایەوە
بارت لە سەر شانم لا برد!
ڕاستت گەرەکە، گەرەکمە هەوەڵ لاولاو بیدرکێنێ ...
شەمامە: چی؟ عەیبت ناکەن کچێ؟
تۆ چاوەڕێی لاولاو ئەبیت؟ ئەویش حەتمەن ماتڵ تۆیە؟
ئەمە چیە؟ ئەم پارادۆکسە زۆر کۆنە، مانای چیە؟
ئەم "مووش و گوربە بازی"ە؟ لە تۆ دوورە!
لای من سەیرە!
ناشێ ئەو قەوانە کۆنە لە گوێتا بێ:
"یەکەم هەنگاو هی کوڕ بووە، نازی کچی هەڵگرتووە"!
شەمامە بە دەمەلاسکێ لاسایی ئەو گۆرانیە ئەکاتەوە
ئافتاو گیان، قەوانە کۆنە، قەوانە کۆن!
"قەوانە کۆن" ئەزانی یانێ چی ئافتاو؟
کچێ، عەیبە، شوورەییە!
تۆ بەتەمای ڕۆژێک لاولاو بێت و چۆک دا بدا
بلاڵێتەوە: "ئافتاو گیان، ئم ئم ... منت خۆش گەرەکە؟"!!
دە بەس کەن بەس!
دە واز بێنن!
بۆ وا ناکەی؟ وەک کچی ئەم سەردەمە دەستی لاولاو لە مشتی خۆتا بگووشی
بە باوەشێکی گەورە و بە ماچێکی قووڵ
بانگی عیشق بە گوێیدا بدەی؟

بەسیە ئافتاو گیان وا بکە
جا بزانە چۆن باوەشێکی گەورەت بۆ ئەگرێتەوە
سەد گیان ئەکا بە قوربانت؟

****************

(٨)
## شانۆی دڵداری

ئاسک: ئێوارەت باش ئافتاو گیانم!
شپرزە دیاری چی بووە؟
چی ڕووی داوە؟ هیچ شتێک خۆ نەقەوماوە؟
ئافتاو بە ڕوخساری گەشی
بە زەردەی سوکنایییبەخشی
دایکی دڵنیا کردەوە
ژیان باش دایەلێ گیانم
دادە جەهانیش لێرەیە
ئۆی سەر چاوان دادە جەهان!
دوو باوەشی گەورە و قایم
ناوشانیانی توند توند گووشی
لاولاو گیانیش دیارە هەر لە ستادیۆمە
لەگەل کوڕگەل هەر سەرقاڵی شەقشەقێن و فوتباڵێنییە
بیری نیە ...
ئاسک: ئەیچی؟ چی بکا؟
لاولاوی فەقیر ئەی چبکا؟
ئەم ئێوارەبارانیشە، ورد، ورد!
چ بارانێکە، باران؟ ئای! تماشا کەن!
ئافتاو: جا وتت؟ شا ئەم هاوینە بارانە!
چ بێوەختە! چ وەشتێکە! بەم هاوینە!
شا دڵۆپی درشت درشت!
ئاسک: بۆ لاولاو دڵ لەدوام ئیمڕۆ نازانم بۆ؟
دڵ لەدوایم ئەم بارانە دای ئەشۆرێ ئەیخووسێنێ ...
ئافتاو: دڵ لەدوا مەبە دایە گیان هاکا هات کردی بە ژوورا
تیشێرتەکەی بە چۆڕەچۆڕ دایە دەست بیشۆری بۆی ...
جەهان: بە خێر بێیتەوە ئافتاو گیان!
لە کوێ بووی بەم درەنگوەختە؟
ئافتاو: لە "کافە کتێب" بووم، دادە گیان! لەگەل شەمامە بووم
هەروا قسە و قسەلۆکە و باس و خواس و تەوس و تەشەر
ئاگام لە خۆم نەبوو درەنگانە!
نازانی چۆن هات بە سەرما! دادە جەهان!
وا داباری بە سەرما خۆم پێ نەگیرا!

جەهان: گریای؟
ئافتاو: نا، نەگریام، دایشم لە قلکەی پێکەنین!
نەمزانی چۆن بوو!
ئەنگووسی نا بە جەرگما بە بە سەر دڵما ...
ئاسک و جەهان بەیەکەوە: دەی دەی بێژە!
جەهان: ئای من چەنێ تامەزرۆم بۆ قلکەقللک و پێکەنینی ئەم جوانانە!
ئافتاو سەرتاپای گفتوگۆ خۆشتامەکەی شەمامەی بۆ گێڕانەوە
بێ قرتاندن! بێ یەک تنووک لەڕوو دامان!
ئاسک لە خۆشیا هەبەسا، هەر نەیئەزانی چی بێژێ:
واو ئافتاو گیان! ئافەرین بۆ شەمامە گیان!
گرێی دڵی منتان کردوەتەوە ئۆخەی!
دەستی هێنا بە سەر دڵیا
چوو باوەشی بە ئافتاوا کرد
قرچەی لە ناوشانی هێنا
هەر بەو لەونەش جەهان ماق مابوو
چاوی وەکوو کوانووی ئاگر داگرسابوو!
باوەشی کردەوە و وتی دەی چی کردن؟
چی کردن ئافتاو گیان؟ زوو کە!
زوو کە ئیتر، وەک شەمامە وتی، بەس کەن، زوو کەن
ماتڵی چین؟
ئاسک: با بێژم
لاولاو هاتەوە خۆت چۆنی پێ ئێژی بێژە
مەیخە دواوە، شەمامە چی پێ وتووی بە لاولاوی بێژە
منیش ئێژم خۆ لە سۆزی زووتر نیە؟
چی لەم کارە واجبترە؟
چەن مانگە بەرنامەیێکم ها لە دڵا
با نەیخەینە دواوە، سۆزی جێبەجێی کەین ...
***
لاولاو بە مێتافۆری "ئەسپی درووشکە" زۆر پێکەنی
هەی ئافەرین بۆ زەوقە جوانەکەت شەمامە گیان!
ئافتاو یەکسەر هاتە جواب لێی: ئەی بۆ نایێژی ئافەرین
بۆ تەنز و تەشەر شیرینت؟
بۆ تەوسە تیژەکەت شەمامە گیان؟
لاولاو ملی کەج کرد وتی: تۆ ڕاس ئێژی
حەتمەن ئافتاو گیان!

حەتمەنە تۆ ڕاس ئێژی!
هەر چواریان تێر تێر پێکەنین.
بەرنامەکەی ئاسک بە چوارقۆڵی پەسەن کرا
***
ئاسک نەیخستە بەیانی
زەنگی لێدا تەرتیبی دا
وەختی خۆی وانێتێکی سەوز هاتە بەردەرگاکە
ئاسک و جەهان، لای دەس شۆفێر جێگەیان گرت
دوو لاوە بۆن گوڵاوەکە
بە خێوەت و دووچەرخە و کۆڵەپشتی قورسەوە
چوونە پشت وانێت و جوان خۆیان حەشار دا
لە پردی "گردەڵان" پەڕینەوە
لای ئاوایی "نەنە"یان گرت، چوون بەرەوژوو
ئاسک و جەهان لە بەر ماڵە دۆستێکیان دابەزین
لاوەکانیش، کۆڵەپشتی بە کۆڵەوە
دووچەرخەکان بە دەستیانەوە
بە لاڕێدا هەڵکشان بەرەو "باخ ئەلیاس"

********************

(٩)
## شەوێک لە باخ ئەلیاس

خۆرەتاو نیشت
خێوەتی خەڵوەتیان هەڵدا
چوونە تێی و حەسانەوە
ئەتوت یەکەم جارە بە یەک گەیشتوون
ئەتوت یەکەم ژوانیانە
هێشتا هەر ماویانە ڕوویان لە یەک بشکێ!
وەک تینووی چاو لە ئاو
تینووی یەکترینن
تینوون بۆ باوەش و تێکەڵاو بوون
***
ئافتاو ئێژی لاولاو؟
هۆ هۆ
لاولاوی من
گوڵاوی من
لێوەکانت
تامی گەزۆ ئەدەن لاولاو!
دووگیانیش نیم
کەچی بێزووت پێوە ئەکەم لاولاو!
لاولاو ئێژێ ئافتاو گیان چەنای چەن ساڵە
خەوم بە باوەشی تۆوە دیوە؟
ئەزانی چەنێ ئارەزووت ئەکەم ئافتاو؟
شەوێکە و ئیمشەو ئافتاو گیان
لەم گوڵزاری دڵڕفێنی باخ ئەلیاسە
نۆرە گوڵ چنینی منە
ئافتاو ئێژێ نا نا، نانا!
پەلەت نەبێ
ڕاستە وەک ئەسپی درووشکە
چەنای چەن ساڵە دایم
پاڵمان بە پاڵ یەکەوە بووە
بەڵام ئاخر تەنانەت جارێکیش
باڵمان لە باڵی یەک نەلەخشاوە

هێور بە هێور لاولاو گیان
با نەختاڵێک لەشمان بە یەک ئاشنا بن
بێنە! دوو پێک شەراو بێنە!
پێکەوە با نۆش کەین لاولاو
هەرچی ناخۆشە با ئیمشەو
گشتی فەرامۆش کەین لاولاو
دایە ئاسکم  باش باش ئامووزشی داوم
چەن شتێکیشی پێ داوم
خەمت نەبێ!
هێور بە هێور لاولاو گیان!
با لەش و لارمان ئاشنا بن بە یەک
پەلەت نەبێ!
باشە گیانەکەم؟ لاولاو گیان؟
لاولاو ئێژێ هەزار جار باشە ڕاس ئێژی
دوو پێک شەراو؟ ئافتاو گیان! بە سەر چاو!
ماچی قووڵی خۆشەویستی مەزەی شەراو
تا بەربەیانیش باخەڵی لێک ئاڵاو
با دوو لەشمان بێتە یەک لەش
با دوو ئاشقی تامەزرۆ
با من و تۆ
بین بە هاوباڵا و هاوباوەش
وەک دوو ماری ئاشقەوماشقە! ها ئافتاو گیان؟
***
ئافتاو بە ماچی قووڵ و باوەش و باخەڵ
جوابی ئەداتەوە
دوو دڵداری دڵ بەسۆزی
درەنگ بە یەکتر گەیشتبوو
بۆ ئەو عیشقە بێوادەیان
شەوێک و شوێنێکی ئاوا بێوێنەیان
دەس کەوتبوو
بەرلەوەی تیشکی خۆرەتاو
بە دزە بخزێتە ناو درزی خێوەتیان
بوون بە یەک لەش
بوون بە یەک باڵا و یەک باوەش
خۆشی لەوان!

خۆشی لەوان!
نوخشە لە سەرجەم ئاشقان!
***
هاودەنگ لەگەڵ جریوەی مەل
لەگەڵ ویتەویتی بارەکەو و قاسپەی ماکەو
ئاوازێکی مەحزوون ناکاو
هاتە گوێی ئافتاو و لاولاو!
هەست را ئەگرن
گورووپێکی شاخەوانن
لەو توولەرییە رێ ئەبرن
تێکرا سەربەندی گۆرانی
بەسۆزی نەجمەی غولامی
ئەڵێنەوە: "... بە قەد پەڵک و گەڵای داران، غەریبیتان ئەکەین یاران!
بە قەد خاک و کووچەی شاران، غەریبیتان ئەکەین یاران!"
وەی لەو زووخاوە، لەو خەم و سۆزە جەرگتاوێن و دڵتەزێنە
لەو کات و ساتا هات و نیشتە ناخیان!
چی بکەن؟ چی بکەن؟
شەوی شیرین، بەیانی تاڵ؟
چی بکەن؟ وا بوو!
***
دابەزین بۆ لای ئازیزان، ئاسک و جەهان
ساتێک پێ چوو، وانێت هاتەوە بەر دەمیان
چۆن هاتبوون، هەروا گەیشتنەوە بەر ماڵی خۆیان
دیسان ژیانی رۆژانە
دیسان ئازار کێشان و تێکۆشانی بێوچان!
تێهەڵچوونەوە
کۆڵنەدان!

********************

(١٠)
## مارشی دووچەرخەسوارەکان

ئەو ڕۆژانە
باسی "دووچەرخەسواری کردنی ژنان"
لە کۆڕ و کۆمەڵی جۆراوجۆرا لە مەریوان
ببووە باسێکی سەرزاران!
ئەو ڕۆژانە
ئەو باسە ببووە پێوانە
پێوانە بۆ فەرهەنگی کردەوە و بیرکردنەوەی ئازاد
دژ بە کرداری "قەدەغە"، داسەپاندن، زۆرەملی، بێداد
دژ بە گرتن و ئازاری ژنان
لەبەر سوار بوونی دووچەرخە!
ئەو ڕۆژانە
بەرانبەر بە تۆماری هەزار و چەن سەد ئیمزاکەی
دتفاع لە مافی ئاشکرای دووچەرخەسواری بۆ ژنان
مەلای بەکرێگیراوی مفتەوێژ
بە ئەمری پاسداران وتبووی: دووچەرخەسواری بۆ ژنان
"قەدەغە"یە!
دوای ئەو مفتەوێژیە ڕسوایە
ئەو مەلایە
ناو نرا "مەلا قەدەغە"!
***
دووچەرخەسواری ژنان
بوو بە سیمبۆل بۆ سەربەستی و ئازادیخوازی
سیمای ژنانی پەلکەشۆڕ
بە سواری دووچەرخەکانیان
بوو بە مۆدێل بۆ هونەرمەندانی شێوەکار!
جوان جوان جێ پەنجەی پیکاسۆ بە کار و بەرهەمیانەوە دیار!
شیعری جوان ئەهۆنرانەوە
گۆرانی خۆش دەم بە دەم ئەوترانەوە
پێوانەکەی مەشهووری "شارل فووریە": ئازادی ژن = پیوانەی ئازادی کۆمەڵ!

بووبوو بە ویردی زمانان
ئەو حەوت هەشت ڕۆژە کۆمەڵگا لە مەریوان
بوو بە دوو بەش: بەشی زۆرینەی ڕاوەستاو
دژ بە کەمینەی "قەدەغە"!
***
تێکۆشەران و کەویاران، ئەنجومەنی ژنان، یەکدەنگ
بانگەوازی مارشێکیان دا
بۆ ڕۆژی "سیانزەی گەلاوێژ"
کات و شوێنی دیاری کرا
هەوڵێکی باشی بۆ درا
ژن و پیاو و لاو و بەتەمەن شانبەشان
بە دووچەرخەسواری یا بە پێیان
ڕێپێوان کەن لە شارەوە بۆ زرێبار!
لەو شوێن و کاتەدا
سەدان ئینسان ئامادە بوون
خێرا جووڵان
ئەوانەی نەیان ئەتوانی سواری دووچەرخە بن
دوو شاخی ئەملاولای دووچەرخەیان ئەگرتە مشتی مەحکەمیان
پێیان ئەکوتا بە سەر عەرزا و ئەڕۆیشتن بە شیعار دان
***
جەهان و ناسک
بە ئارایش و چاوڕشتن
بە زەردەخەنەی شیرینیان
لە ڕیزی پێشەوەی ژنان و پیاوان بوون
لاوەکانیش بۆ یەک ئانیش نەئەوەستان
بە سواری دووچەرخە ڕازاوەکانیان
فڕکان فڕکان جریتان و غارغارێنیان بوو بێوچان
ئەفڕین و ئەسووڕانەوە
باکیان لە کەس نەبوو
ئافتاو و لاولاو لە زومرەی
لاوانی بەجەرگ و ئازا و دلێر بوون
پێشەنگیان بوون
ڕابەریان بوون
***
بەو جۆرە بوو

مارشی دووچەرخەسوارەکان
حەماسەی میژوویی شۆڕەسوارانی خۆلقاند
ڕووداوێک بوو تەواو شیاوی سەربەرزی
بۆ سەرجەم ئازادیخوازان!
************

(١١)

**"سیانزەی گەلاوێژ"**
**ڕۆژی دووچەرخەسواری ژنان**

بێن با بە یادی "جەهان"ی "دووچەرخەسوار"
بە یادی گشت کەویاران و گشت یارانیان
"سیانزەی گەلاوێژ" ناوزەد کەین
بۆ برەو پێدانی دووچەرخەسواری بۆ ژنان!
بێن با یەکدەنگ ڕاگەیێنین:

**تا ئەو ڕۆژەی**
**حوکمی نگریسی ئیسلامی**
**دائەڕووخێ لە گشت ئێران**
**"سیانزەی گەلاوێژ"**
**ئەکەینە**
**ڕۆژی برەوپێدانی دووچەرخەسواری ژنان**
**لە مەریوان**
**لە کوردستان**
**لە گشت ئێران**

دووچەرخە، خۆی
ئامرازێکی جوان و بەکەڵکی ئینسانە
زۆر تەندروست
زۆر ئازیز و گەلێک جوانە!
ئێستا بە یادی هەموو ئەو ئازیزانە
بە یادی ئەو کەویارانە
خولقێنەرانی "حەماسەی شۆڕەسوارانی مەریوان"
لای من
دووچەرخەی لەمێژ ئازیز و جوانم
ئێگجار ئازیزترە
زۆر جوانترە
لە چاو جاران

***

چاوە/ فاتح شێخ
سیانزەی گەلاوێژ ١٤٠٣
سێی ئاوگۆست ٢٠٢٤

(بەرگی پشتەوەی کتێبەکە)



دووچەرخە، خۆی
ئامرازێکی جوان و بەکەڵکی ئینسانە
زۆر تەندروست،
زۆر ئازیز و گەلێک جوانە!
ئێستا بە یادی هەموو ئەو ئازیزانە
بە یادی ئەو کەویارانە
خولقێنەرانی "حەماسەی شۆڕەسوارانی مەریوان"
لای من
دووچەرخەی لەمێژ ئازیز و جوانم
ئێگجار ئازیزترە
زۆر جوانترە
لە چاو جاران
***************